ئاژانسی موتەبەع ژیاننامەی محەمەد موخبر جێگرەوەی ئیبراهیم رەئیسی سەرکۆماری ئێران بڵاودەکاتەوە



محەمەد موخبر، جێگری سەرکۆماری ئێران شوێنی ئیبراهیم ڕەئیسی دەگرێتەوە کە لە ساڵی 1955 لە پارێزگای خوزستان لە ئێران لەدایك بووە و باوکی یەکێك بووە لە زانا ئایینییە ناسراوەکان و موخبر وەك ئەفسەر لە دەستەی پزیشکیی سوپای پاسداران کاری کردووە لە ماوەی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

محەمەد موخبر لە ساڵانی نەوتەکان وەك سەرکی جێبەجێکردنی کەمپانیای دزفول بۆ پەیوەندییەکان کاری کردووە و پێش ئەوەی بکرێتە جێگری دادوەری پارێزگای خوزستان چەند پۆستکی تری هەبووە و یەککی تر لە پۆستەکانی سەرکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی سینا بووە، بۆ ماوەی 10 ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە.

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە محەمەد موخبر پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ عەلی خامەنەیی ڕێبەری باڵای کۆماری ئێراندا هەیە.

لەسالی 2007 عەلی خامەنەیی وەك سەرکی جێبەجێکردنی دەزگای ستاد دیاری کردووە کە یەکێکی بە یەکێك ئیبراتریەتی دارایی چەند ملیار دۆلاری دادەنرێ کە لەلایەن خامەنییەوە کۆنترۆڵ کراوە و هەروەها موخبر بەرپرسیار بوو لەجێبەجێکردنی دیدگای خامەنەیی لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەئێران بەئابووری بەرخدان ناسراوە و نەهێشتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و موخبر لەسالی 2021 کرایەجێگری یەکەمی سەرکەماری ئێران و کەسێکی بەهێز بووە لەئیدارەی هەئیسی لەبەرپرسانی تر لەبەتایبەت لەبواری ئابووریدا کارەکتەرێکی بەهێز بووە لەئیدارەداندا وەك ئاژانسی هەواڵی حوقەبڵاوی کردووەتەوە.

محەمەد موخبر، جێگری سەرکەماری ئێران پێستەکەی سەرکەمار تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن دەکرێت پێ دەکاتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە هێلیکۆپتەری سەرکەماری ئێران ون بوو و دواتر بەتکشاوی دۆزرایەوە و تەواوی سەرنشینەکانی گیانیان لەدەست دا.